# چەند هەنگاوێکی کارا بۆ ڕێگا گرتن

# لە پرۆسەی بەگاورکردنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی: بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الخطوات العملية لمواجهة التنصير

# في المجتمعات الإسلامية )

« باللغة الكوردية »

إعداد : فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چەند هەنگاوێكی كارا بۆ ڕێگا گرتن

# لە پرۆسەی بەگاوركردنی كۆمەڵگا ئیسلامیەكان

خۆشەویستان لە بابەتی پێشوماندا بەڵێنمان پێدان كە بدوێین لەسەر ئەو هەنگاوە كارانەی كە بەهۆیانەوە دەتوانرێت ڕێگا بگیرێت لەبەردەم ئەو هێرشە بەر بڵاوەی كە حاڵی حاز لەلایەن دەزگا وڕێخكراوە گاورەكانەوە دەكرێت لە پێناو بەگاوركردنی كۆمەڵگا ئیسلامیەكاندا، بە پشتیوانی خوای گەورە بە پێی توانا هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینە سەریان تاوەكو ڕۆڵە ونەوەكانی ئیسلام بەرچاو ڕۆشن بن وبەئاگاوە ڕووبەڕووی ئەو پرۆسە نەگریسەیە ببنەوە، چونكە هەر یەك لە ئێمە بە پێ توانا وطاقەتی خۆی ئەتوانێت پارێزگاری لە دینەكەی بكات، بەڵام سەرەتا دەبێت هەموو لایەك نیەت و ئیخلاصێكی تەواوی هەبێت بۆ خوای گەورە وپاشان داوای یارمەتی لە پەروەردگاری باڵادەست بكەین كە یارمەتی دەرمان بێت، پاشان دەست لەدەست و قوەت لە خوا لێبڕاوانە دەست پێ بكەین :

چۆن وبەچ شێوەیك ڕووبەڕووی پرۆسەی بەگاوركردن ببینەوە؟

**یەكەم :** ووریا وبەئاگا بین لە سەرجەم چالاكی وهەوڵەكانی ئەو ڕێكخراوانەی كە دەستیان كردوە بەگاوركردنی موسڵمانان، وپاشان مامۆستایان وزانایێنی ئیسلامیان لێ ئاگادار بكرێتەوە، وبەهەموو هۆكارەكانی ڕاگەیاندنیش خەڵكی بەگشتی بەئاگا بهێنرێتەوە، تاوەكو پارێزگاری لە ئاینەكەیان بكەن .

**دووەم :** هەوڵبدرێت سەرجەم هەوڵ وڕێگاكانی بانگەواز كردن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەناو نەصرانیەكانی ناو كۆمەڵگا ئیسلامیەكان وغەیری گۆمەڵگا ئیسلامیەكانیش زیاتر بكرێت، ئەمەش چەند ئامانجێكمان بۆ جێ بەجێ دەكات :

أ- ئەتوانین بەیارمەتی خوای گەورە ببین بە هۆی هیدایەتدانی ئەوان چونكە ئەگەر

یەك كەس لەسەر دەستی تۆی بانگخوازدا هیدایەت وەربگرێت زۆر بۆت باشترە لە گەلە ووشترێكی سوور وەك پێغەمبەری خوا لەفەرموودەیەكدا ئاماژەی پێكردوە .

ب- لەبری ئەوەی ئەوان ڕۆڵەكانمان بكەن بە نەصرانی، هۆكارێكی زۆر باش دەبێت بۆ ئەوەی ئێمە دەستی خۆمان پێش بخەین وببین بەهۆی هیدایەتی ئەوان وهەوڵەكانی ئەوان پوچەڵ بكرێتەوە .

ج- ئاشكرایە لای هەمووان كە باشترین ڕێگا بۆ بەرگری لە خۆ كردن ئەوەیە تۆ دەستی خۆت پێش بخەیت، ئەو هۆكارانەی كە ئەوان دەیگرنە بەر تۆش بەهەمان هۆكاری ئەوان بەرپەرچیان بدەیتەوە، بۆ نموونە ئەوان ڕادیۆ وتەلفزیۆن وگۆڤار وڕۆژنامەیان هەیە كە خەریكی بەگاوركردن وبانگەوازكردنە بۆ نەصرانیەت، تۆی موسڵمانیش هەوڵبدەیت ئەو هۆكارانە فەراهەم بهێنیت ولە خزمەت بانگەوازەكەی محمد المصطفی دا ( صلی الله علیه وسلم ) بەكاری بهێنیت.

د- هیدایەت وەرگرتنی كۆمەڵێك لەو نەصرانیانە دەبێتە مایەی خێر بۆ موسڵمانان ولەهەمان كاتیشدا دەبێت بەبەڵگەیەك بەسەریانەوە، چونكە لەڕاستیدا ئەوان زیاتر شارەزان بە كەم وكورتی وئەو كاروبارە شریكانەی كە ئەوان پێی هەڵدەسن، ئەمەش دیسان لەبەرژەوەندی ئیسلام وموسڵمانان كۆتایی پێ دێت، یان ئەگەر بێتو هەوڵبدرێت ئەو كەسانەی لەوان موسڵمان دەبن زۆر شارەزا بكرێن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وزانستە ئیسلامیەكان، تاوەكو بانگخوازێكی سەركەوتووی باشیان لێ دەردەچێت، ئەو كاتە لە ڕێگای ئەو كەسەوە بانگەوازی نەصرانیەكان بكرێت، چونكە قسەو ووتەكانی ئەم كەسە زۆر زۆر كاریگەرتر دەبێت لەسەریان، چونكە دەزانێت بەچ شێوازێك بانگەوازیان بكات وبەچ شێوەیەك كلیلی دڵەكانیان بكاتەوە وبەنووری ئیمان وئیسلام ڕووناكیان بكاتەوە، بەیارمەتی خوای گەورە .

**سێهەم :** بڵاو كردنەوەی زانست وزانیاری وعلومی شەرعی لەناو موسڵمانان وڕێنومایی كردن وئاراستەكردنیان بە ئاراستەكردنێكی ڕاست ودروست ودوور لە هەموو زیادەڕۆیی وبیدعەیەك لە دیندا، هەروەها ئاگاداركردنەوەیان لە عەقیدەی لادراوی گاورەكان كە ئاینەكەی خودایان گۆڕیوە ودەستكاریان كردوە بە ئارەزوزی خۆیان وبۆ مەبەستە شەخصیەكانی خۆیان، بەمەش ڕۆڵەكانی ئیسلام شارەزاییەكیان بۆ

دروست دەبێت ولەهەمان كاتیشدا دەبێت بە مەناعەیەكی بەهێز لەبەردەم ئەو گومانانەی كە ئەوان بۆ موسڵمانان دروستی دەكەن، چونكە زیاتر ئەو كەسانە بەووتەی ئەوان باوەڕ دەكەن ودەكەونە داویانەوە كە جاهل ونەزانن وهیچ لە دینەكەی خۆیان شارەزا نین، جا بۆیە زۆر پێویستە بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدرێت موسڵمانان ونەوەكانی ئیسلام زیاتر شارەزا بكرێن لە ئاینەكەیان .

**چوارەم :** هەموو هەوڵ وتواناكان بخرێتە گەڕ لە پێناو پاراستنی ڕەوشت وسلوكی گەنج ولاوەكانمان لەبەرامبەر ئەو هێرشە بەربڵاوەی كە دەزگا وهۆكانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا وهەندێك لە كەناڵەكانی خۆشمان شەو و ڕۆژ خەریكینی بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بووبێت گەنجان ولاوان لەهەردوو ڕەگەزەكە سەرسام بكەن بەو بەناو ڕۆشنبیریەی كە ئێستا هاتوەتە ناو كۆمەڵگا ئیسلامیەكانەوە، ئەویش لە ڕێگای كەناڵە ئاسمانیەكانەوە، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئێمەش هەموو توانا وهەوڵەكانی خۆمان بخەینە كار لە پێناو برەو دان بەبانگەوازی ئیسلامی بەتایبەت لە نێو چینی وتوێژی لاواندا، وئاگاداریان بكرێنەوە لەو مەبەستە شاراوانەی كە ئەو دەزگا وڕێكخراوانە گرتویانەتەبەر بۆ ڕوخاندنی ڕەوشت وبەها ئیسلامیەكان، كە تاكە شتێكە موسڵمانان شانازی پێوە بكەن وهۆكاری سەرەكی مانەوەی ئوممەتی ئیسلامیە بە زیندووی، هەر بۆیە تەماشا دەكەیت كاتێك لەگەڵ ئەو گەنج ولاوانەشدا كە بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا سەرسام وكاریگەرن گفتوگۆ دەكەیت بە گفتوگۆیەكی هێمانانە، ونیەت ومەبەستەكانی ناحەزانی ئیسلامیان بۆ ڕوون دەكەیتەوە كە دەیانەوێت ڕەوشت وسلوك وبەها بەرزەكانی ئوممەتی ئیسلامی بڕوخێنن ونەیهێڵن تاوەكو هیچ شەرم وشكۆیەك لەنێو خێزانەكاندا نەمێنێت، خێرا ئەو گەنج ولاوە خۆشەویستانە غیرەتی بەرگری لە ڕەوشت وئەخلاقی خێزان وكۆمەڵگاكەیان دەیانگرێت وبەئاگا دێنەوە وبڕیاری واز هێنان لەو هەڵوێستەیان دەدەن، جا بانگخوازی خۆشەویست مامۆستایان و قوتابیان وباوكان ودایكانی ئازیز هۆشیاربن وبەتوندی دەست بگرن بە ڕەوشتی خۆتان وخێزان وكۆمەڵگاكەتانەوە، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا دەستی پەشیمانی نەگەزن وئەوكاتە بیر بكەنەوە كە كار لەكار ترازابێت وئیتر دوای ئەوە خۆزگەو ئاخ وئۆف هەڵكێشان هیچ سوود وقازانجێكی نەبێت، ئەركەكەش بەوە دەبێت هەركەسێك لە جێگەی خۆیەوە سەرەتا دەست بگرێت بە ڕەوشتی ئەندامانی

خێزانەکەی خۆیەوە وزۆر بەشێوازێکی جوان ولەسەر خۆ بەڕێگای ووتوێژ وگفتوگۆ تیان بگەیەنێت کە جیاوازی ئێمەو ڕۆژئاوا چیە ولە چ شتێکدا لەیەك جیاوازین ولەچ شتێکیشدا یەك دەگرینەوە، وە ئاگاداریان بکاتەوە لەمەترسیەکانی دارمانی ڕەوشتە جوانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری، چونکە ئێمەی موسڵمان بەو ڕەوشتانەوە جوانین خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەدەست دا، هیچ شتێکمان نامێنێت شانازی پێوە بکەین، خوای گەورە لەم بارەیەشەوە دەفرموێت : ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ** ) **{ التحريم : ٦ }** واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و خێزانتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، ئەو ئاگرەی سوتەمەنیەکەی بریتی یە لە خەڵك وبەرد .

جا ئەگەر لەهەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتوو بوو، ئەوا دەتوانێت ئامۆژگاری خەڵکانی نزیکی خۆی بکات لە خزم وناسراوانی وئەوانیش ئاگادر بکاتەوە، وەك خــوای گەورە دەفــەرمــوێت بە پێغـەمبەری خوا : ( **وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ** ) **{ الشعراء : ٢١٤ }**واتە : ئەی موحەمەد ( صلی الله علیە وسلم ) خزم ودۆست وعەشیرەت وکەسە نزیکەکانت ئاگادار بکەرەوە وبیان ترسێنە لە ئاگری دۆزەخ .

**پێنجەم :** هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هەندێك ڕێکخراو سەندیکای پزیشکی خێرخوازی، بەهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵێك لە پزیشکە دڵسۆز وبەوەفاکان، لە پێناو پێشکەش کردنی چارەسەرەی بێبەرامبەری خەڵکانی موسڵمانی دوورە دەست ودوور لە شارەکان لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئەو پزیشکانە لەو کەسانە بن کە لە خەمی بانگەوازی ئیسلامی وبڵاوکردنەوەی دینەکەیاندان، بۆ ئەوەی لەگەڵ چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا دوو ووتە و قسەی خێریشیان بۆ بکەن لەبارەی ئاینەکەیانەوە وە تێیان بگەیەنن موسڵمانان بە فەزڵی خوداوە هەموویان برای یەکن ودەبێت لە خۆشی وناخۆشیدا بەیەکەوە بن و بەپێی توانایان یارمەتی یەکتر بدەن تاوەکو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) لەنێوانیاندا بەرەجەستە دەبێت کە دەفەرموێت : " **مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى عضو منهم تداعى له سائر الجسد بالسهروالحمى** " { رواه الخاري ومسلم} واتە : نموونەی باوەڕداران لەنێو یەکتردا بۆ سۆز وخۆشەویستی وبەزەیی

هاتنەوە بەیەکتردا، وەك نموونەی یەك لاشەی مرۆڤ وایە چۆن کاتێك کە ئەو لاشەیە ئەندامێکی نەخۆش دەکەوێت ودەئێشێت تەواوی ئەندامەکانی تری ئێشیان پێدەگات ونائارام دەبن وشەونوخونی دەکێشن بەدیاریەوە ، بەڵێ دەبێت موسڵمانانیش هەر بەو شێوەیە بن .

پزیشکان وپەرەستاران وبرین پێچانی خۆشەویست ئەرکی ئێوەش وەك هەموو چین وتوێژەکانی تری کۆمەڵگای ئیسلامی قورس وگرانە بەرامبەر ئاینە پیرۆزەکەتان، بگرە زیاتر لەوانیش چونکە قسەو ئامۆژگاری کەسێکی وەك ئێوە زیاتر کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو نەخۆشەی کە دێتە بەردەستتان وچارەسەری بۆ دەکەن جا بزانە با قسە ووتەتان لەگەڵیاندا خۆش بێت، ئەگەر بە زەردەخەنەیەکیش بووە دڵی نەخۆشەکەتان ئاســوودە بکەن وەك پێغەمبــەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت **"تبسمك في وجه أخيك صدقة "** { رواه ابن حبان ، وقال الشيخ الالباني حيدث صحيح ج١/ص ٨١٦ ورقم الحديث ٤٥٤} واتە : زەردەخەنەیەك بەدەم براکەتەوە خێر وصەدەقەیە بۆت .

بەم کارەت ئەوە دەسەلمێنیت کە تۆ دڵسۆزی ئاینەکەتی ولە چوار چێوەی کارەکەی خۆتدا خزمەت بە بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام دەکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی گەورە وگرنگت ناوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەمووە ڕێکخراوە تەنصیریەی کە شەو ڕۆژ خەریکی بەگاورکردنی کۆمەڵگای ئیسلامیمانن .

**شـەشـەم :** دامـەزرانـدن ودروسـت کردنـی چـەنـد پێگـە ومـاڵپـەڕێکـی ئینتـەرنێت بـۆ لێکـۆڵینـەوە وتوێژینـەوەی پرۆسـەی بـەگـاورکردن وبـەدواداچـوونی ئـەو هـەوڵانـەی کـە دەردێت بۆ بـەگـاورکردنی نـەوەکـانی ئیسـلام، ودانـانی ڕێگـا چارەی گونجـاو بۆ ئـەوەی موسڵمانان بە ئاگا بن لە خۆیان و ڕۆڵـەکانیـان، لـەگـەڵ ئـەوەشدا هـەوڵبـدرێت گۆڤـارێکی وەرزی دەربکرێــت بــۆ گرنگــی دان بــەو مــەســئەلــەیــە وبــە ووردی دوا پێشــهات وگۆڕانکاریـەکـانی پرۆسـەی بـەگـاورکردن وهـەوڵـەکانیـان بخرێتـە ڕوو بـۆ ئـەوەی وەك خۆپاراستێك وا بێت بـۆ کۆمـەڵـگـەی ئیسلامیمان، وە پرسو ڕاوێژ بکرێت بـەکـەسـانی پسپۆڕ لەم بوارەدا بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەك بخرێت لە پێناو ڕێگاگرتن لـەو پرۆسـەیـە،

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین دەبێت ئاگاداری ئەوەبین بەهەموو شێوەیەك خۆ دوور بگرین لە توندوتیژی وبەكارهێنانی شێوازێك كە خێر ناداتەوە بۆ بانگەوازی ئیسلامی، چونكە ئەم مەسئەلەیە پەیوەندی بە قەناعەتی مرۆڤەكانەوە هەیە، جا پێویستی بە حیكمەتێكی زۆر هەیە تاوەكو بتوانین بە شێیوازێكی جوان كۆمەڵگای خۆمان قەناعەت پێ بكەین كە تەنها چارەسەر لە ئیسلام ودینەكەیاندایە، ئەمە لەلایەك لەلایەكی ترەوە، كۆڵ نەدەین لە ئامۆژگاری خێر وگفتوگۆی جوان وشیاو لەگەڵ نەصرانیەكاندا، بۆ ئەوەی بتوانین ببین بەهۆی هیدایەت وڕێنمونی ئەوانیش، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ** ) [ النحل : ١٢٥ ] .

واتە : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) ئەی ئیمانداران بانگەواز بكەن بۆلای بەرنامە وڕێبازی پەروەردگارت بەحیكمەت ودانایی ( بۆ هەندێك لەخەڵكی )، وە بەئامۆژگاری جوان وشیرن وبەجێ ( بۆ هەندێكی تر )، وگفتوگۆ ومجادەلە بەجوانترین شێوە وشێواز ( لەگەڵ هەندێكی تردا بەتایبەت خاوەن كتێبە ئاسمانیەكان )، چونكە بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە كە كێ گومڕا وسەر لێشێواوە، وەهەر خۆشی زانایە بەو كەسانەی كە هیدایەتی ئەو وەردەگرن .

چونكە ئەوەی لە ڕێگای بەكارهێنانی ووتەی شیرین وشێوازی جوانەوە بەدەست دێت وبەرووبومی دەبێت هەرگیز لە ڕێگای بەكارهێنانی ووتەی ناشیرین وشێوازی خراپەوە بەدەست نایەت، وەك پێغەمبەی خوا (صلى الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : " **إن الله رفيق، يحب الرفق، ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف، ومالا يعطي على ما سواه** "{ رواه مسلم } . واتە : خوای گەورە هێمن ولەسەرخۆیە وهێمنیی ولەسەرخۆیی ونەرمونیانی خۆش دەوێت، ئەوەشی بەهۆی هێمنی ونەرم ونیانیەوە دەیبەخشێت، بەهۆی توندو تیژیەوە هەرگیز نایبەخشێت، وە ناشیبەخشێت بەغەیری هێمنی ولەسەرخۆیی .

**حەوتەم :** ئامادەكردنی ژمارەیەكی پێویست لە نامیلكە وپێچراوە ( المطویات )

لەسەر مەترسیەکانی پرۆسەی بەگاورکردن ودەرەنجامەکانی .

**هەشتەم :** بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕی موسڵمان لە بواری بەدواداچوونی پرۆسەی بەگاورکردن لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا، وە گێڕانی کۆڕ و سازدانی سیمنار بۆیان وبانگهێشت کردنی قوتابیان وزانایانی ئاینی وماموستایانی زانکۆ خەڵکانی تر لە هەردوو ڕەگەزەکە، بۆ ئەوەی بەووردی ئەو پسپۆڕانە پیلانی ئەو ڕێکخراوانەیان بۆ ئاشکرا بکەن کە خەریکی بەگاورکردنی موسڵمانانن.

**هەشتەم :** بڵاوکردنەوە و ئامادەکردنی چەند بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری بەسوودی باش لەم بوارەدا، وە بڵاوکردنەوەی لەسەر تۆڕەی ئینتەرنێت ودابەشکردنی بەنێو خەڵکدا، چونکە ئێستا کەم ماڵ هەیە کۆمپیوتەری تێدا نەبێت، ئەمەش ڕێگایەکی زۆر باشە بۆ خۆپاراستن لە و هێرشە بەر بڵاوەی کە ئێستا ڕێکخراوە ( مونەصیرەکان ) سەرگەرمینی .

**نۆیەم :** گرنگیدان بەو نەصرانیانەی کە تازە موسڵمان بوون، وەهەوڵبدرێت زیاتر شارەزا بکرێن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، تاوەکو لەپاشەڕۆژدا بەیارمەتی خوای گەورە ببن بە بانگخوازێکی سەرکەوتوو بۆ کۆمەڵگا ودەوروبەرەکەی خۆیان، زۆر بەداخەوە دەبینین بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و کەنداو ڕۆژانە خەڵکانێکێ زۆر گەرندگیری خۆیان ڕادەگەیەنن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بەڵام پاش ئەوە هیچ گرنگیان پێنادرێت وفێری ئیسلام وتەعالیمە جوانەکانی ناکرێن، بۆیە دەبینین پاش ماوەیەك هەندێك لەو کەسانە هەر بەناو موسڵمانن، وهیچ شەعائر وئەرك وفەرمانێکی ئیسلام جێ بەجێ ناکەن، ئەمەش کەمتەرخەمیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی موسڵمانان وبانگخوازانی ئەو بوارە، جا بۆیە دەبێت ئەم تێبینیە گرنگە لەبەرچاو بگیرێت وپشتگوێ نەخرێت .

**دەیەم** : گەمارۆی بازرگانی بخرێتە سەر ئەو پۆشاك وکاڵایانەی کە بانگەشە بۆ بەگاورکردنی موسڵمانان دەکەن، وە بازرگانە موسڵمانەکانیش مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا وکارگانە نەکەن کە یارمەتی ئەو ڕێکخراوانە دەدەن لە کەلەبواری گاورکردندا کار وچالاکی ئەنجام دەدەن،

**یانزەیەم** : شان بەشانی بانگەوازی پیاوان بانگەوازی ئافرەتانیش پشتگوێ نەخرێت، وە هەوڵبدرێت چەند ناوەندێکی تایبەت بە بانگەوازی ئافرەتانی نەصاری بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام دابمەزرێت، وە ئەو کەسانە سەرپەرشتی بکەن کە لێوەشاوە وپسپۆڕن ، چونکە ڕۆڵی ئافرەتانیش لەم بوارەدا هیچی کەم نیە لە ڕۆڵی پیاوان، بگرە ئەتوانین بڵێین ئافرەتان گرنگی زیاتریان هەیە چونکە پەروەرەکردنی منداڵ وئاراستەکردنیان بەدەرەجەی یەکەم لەسەر شانی ئافرەتانە، جا خوشکی بەڕێزم ئەگەر خوای گەورە کردیتی بەهۆی موسڵمان بوونی ئافرەتێکی نەصرانی تەنها بوخۆی واز نەهێنێت، بەڵکو هانیشی بدە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر منداڵەکانیشی بکات بۆ ئەوەی بەیارمەتی خوای گەورە ئەو خێزانە بەتەواوی گەردنگیری ئیسلامم ببن .

**دوانزەیەم** : پەیوەندی بەهێز وبەردەوام لەگەڵ ئەو گەنج ولاوانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیش وکار دەکەن یان بۆ خوێندن ڕۆشتوون، لە پێناو ئەوەی هەمیشە وبەردەوام ئامۆژگاری ووتەی خێر هەبێت لە نێوانماندا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێت بە بەرگریەکی بەهێز بۆ ئەو گەنج ولاوانە کە لە دینەکەیان وەرنەگەڕێن و نەیانکەن بە نەصرانی، یان هەوڵبدرێت ئامۆژگاری بکرێن کە پەیوەندی بکەن بەو ناوەند وڕێکخراوە ئیسلامیانەی کە لەو وڵاتانەدا خەریکی بانگەوازکردنن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

**سیازدەیەم** : لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە قوڵی لێ هەڵماڵین وبێینە گۆڕەپانەکەوە و کۆڵ نەدەین لە بانگەواز کردن بۆ دینەکەمان، وەهەرگیز ئەو ووتەیە نەڵێیتەوە کە هەندێك خەڵکی بەزیوو دەیڵێنەوە ( جا من بەتەنها چیم پێ دەکرێت بۆ ئیسلام ) نەخێر برا وخوشکی ئازیزم تۆ و نموونەی تۆ زۆر زۆریان پێ دەکرێت، هەرکەس لە جێگای خۆیەوە و بەپێی توانای خۆی خشتێك بخاتە سەر کۆشك و باڵەخانەکەی ئیسلام پاش ماوەیەك دەبینین بەهەموو لایەکمانەوە شتێکی ناوازە و جوانمان پێشکەش بە کۆمەڵگا و ئاینەکەمان کردوە، وە ئەو کاتەش ئەگەر وامان کرد چاوەڕوانی ڕەحم وبەزەی خوای گەورە بکەین، ئەوەش بزانە کەسانی دەروون بەزیوو هەڵدێن و گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن

بۆ ناحەزانی ئیسلام تا بە ئارەزووی خۆیان چی ئەکەن بیکەن.

**چواردەیەم** : هەوڵدان بۆ سازدانی کۆڕ وسیمینار لەلایەن پسپۆڕانی ئیسلامەوە لەگەڵ قەشە وپاپا ومونەصیرەکانی ئەوان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوان و گفتوگۆیەکی هێمانانە زیاتر هەق وڕاستی ئیسلام وبەرنامە جوانەکەی بۆ نەصرانیەکان ڕوون ببێتەوە، وەك ئەوەی کە ( شێخ ئەحمەد دیدات ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەنجامی دەدا لە هەموو وولاتانی جیهاندا، چونکە ئەم شێوازە دەچێتە ئەو چوار چێوە وە کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت : ( **يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ** ) { آل عمران : ٦٤ } واتە : ئەی موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) بڵێ : ئەی ئەهلی کتاب ئەی ئەوانەی کە نامەی ئاسمانیتان بۆ هاتووە لە گاور وجولەکەکان وەرن بەدەم بانگەواز بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش وهاوسەنگە لە نێوان ئێمە وئێوەدا ( ئەویش ئــەوەیە ) کە جگە لە ( الله ) کەسی تر نەپەرستین، وەهیچ جۆرە هاوەڵ وشەریکێکی بۆ بڕیار نەدەین، وە هیچ لایەکمان هەندێکی ترمان بە خودا وپەرستراو دانەنێین، جگە لەزاتی پیرۆزی ( الله ) جا ( ئەی موحەمەد ) ئەگەر لەم بانگەوازەدا سەرپێچیان کردو گوێیان نەدا بەووتەکانی تۆ، ئەوە پێیان بڵێ : ئێوە بەشاهید بن ئێمە موسڵمانین و مل کەچی فەرمانی پەروەردگارین .

**پازدەیەم** : ئاشکرا کردن و ڕاگەیاندنی ناوی ئەو کەسە بەناوبانگانەی کە پێشتر گاور بوون و سوپاس بۆ خوای گەورە موسڵمان بوون وهیدایەتیان وەرگرتوە، وە سازدانی دیمانە وچاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی وتەلەفزیۆنی بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی خۆیان بزانن کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە هاوڕێ وخزم وزاناکانی خۆیانەوە ببیستن، ئەمەش کاریگەریەکی بەهێزی دەبێت لەسەر دڵ و دەروونیان، وە زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕەحمی فراوانی پەروەردگاری باڵادەست بەسەر بەندەکانیەوە، بەو هۆیەشەوە ڕاستی وبیروباوەڕی دروستیان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەیارمەتی خوای گەورە .

**شازدەیەم** : لە کۆتایدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو کۆڵی قوورستر دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەیە لە زمانە بێگانەکاندا، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، کە ئێستا وەك زمانێکی جیهانی زۆربەی ڕۆشنبیر لە نێوان خۆیاندا قسەی پێ دەکەن لەگەڵ بوونی جیاوازی لە زمانیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بانگخوازانمان زیاتر کاریگەریان هەبێت لەسەر خەڵکانی نەصرانی، چونکە ئەگەر تۆ زمانی ئەوان نەزانی بەچ شێوەیەك بانگەواز دەکەیت.

**خوشك وبرایانی بەڕێز ئەوەی باسکرا بۆتان چەند هەنگاوێك بوون لە پێناو ڕێگەگرتن لە بڵاو بوونەوەی پرۆسەی بەگاورکردن لە نێو کۆمەڵگەکەماندا، بە ئومێدی ئەوەی توانیبێتمان شتێکی نوێمان پێشکەش کردبن، وە ئەگەر نوێش نەبێت تەنها بیرخستنەوەیك بێت بۆ ئەوانەی کە پێشتر ئەمەیان بیستووە .**

( وصلى الله وسلم على سيدنا وحبيبنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم )

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .